# پەیوەندیەکانی ئێران و چین لە 10 ساڵی رابردودا

## قەبارەی بازرگانی نێوان ئێران و چین دەگاتە 200 ملیار دۆلار



سەرۆکی چین و سەرۆکی ئێران

لادەن سەلامی
لە فارسییەوە: محەمەد حەسەن

IDEA DEPLOMATIC

پەیوەندیەکانی ئێران و چین لە دە ساڵی رابـردودا (2003–2013) پەرەی سەندوە و تەنانەت لە هەندێک بواردا زۆر بەرەوپێشچووە. وەها پەرەپێدانێک لە پەیوەندییە سیاسیەکان و گۆرپێدانیک لە پەیوەندییە ئابوری و بازرگانیەکاندا بەرهەمی تێروانین هاوبەشی پەکین و تارانە بۆ یەکتر و پێویستیەکانیان بە یەکتر و تایبەتمەندیە ئابوریەکانی هەر دوو لا. ئەو پرسیارەی لێردا دێتە ئاراوە ئەوەیە کە ئەو گەشەسەندنەی پەیوەندیەکانی ئێران و چین لەو 10 ساڵەدا چۆن و بە چ شێوەیەک روویداوە؟

چین دووهەم بەکاربەری وزەیە لەسەر ئاستی جیهان و لە دوای ئەمریکاش خاوەنی دووەم گەورە ئابوری دنیایە. ئێرانیش یەکێکە لە گەورەترین بەرهەمهێنەران و هەناردەکارانی نەوت لە جیهاندا و بە یەکێک لە سەرچاوە سەرەکیەکانی دابینکردنی پێداویستی نەوتی خاوی چین دادەنرێت. چین گەورەترین وڵاتی هاوردەکاری نەوتە لە ئاسیا و ئێرانیش لە دوای سعودیە و ئانگولا سێهەم هەناردەکاری نەوتە بۆ چین.

لە ساڵی 2012 دا چین رۆژانە 10 ملیۆن

بەرمیل نەوتی بەکارهێناوە و بەشی سەرەکی ئەو نەوتەشی هاوردەکردوە. بە گوێرەی ئەو ئامارانەی بڵاوکراونەوە لە مانگەکانی کۆتایی ساڵی 2012 دا ئێران رۆژانە 420 هەزار بەرمیل نەوتی هەناردەی چین کردوە.

**چین گەورە هەناردەکاری کاڵا بۆ ئێران**

لە بەرامبەر هاوردەکردنی بەردەوامی نەوت لە ئێرانەوە، چین بە درێژایی 10 ساڵی رابردو رۆڵێکی گەورەی گێڕاوە لە هەناردەکردنی کاڵا و شمەک بۆ ئێران. پێدەچێت بەرزبوونەوەی ئاستی هەناردەکردنی کاڵای چینی بۆ ئێران دەرەنجامی گۆڕدان بە سیاسەتی ئابوری حکومەتی پەکین بێت لە ماوەی ساڵانی رابردودا کە هەناردەکردنی بە بنەما گرتوە. ئابوری چین لە دەساڵی رابردودا بە بەردەوامی لە نێوان 7% بۆ 11% لەگەشەسەندندا بووە و ئەنجامی ئەو گەشەسەندنەش هەنگاوە خێراکانی چینە لە بواری هەناردەکردنی کاڵا بۆ وڵاتانی جیهان.

چین لە ساڵی 2012 دا نزیکەی 11% ی کۆی گشتی هەناردەکاری جیهانی بۆ خۆی تەرخان کردبوو، قەبارەی ئاڵوگۆڕە بازرگانیەکانیشی لە 11 مانگی سەرەتای ئەو ساڵەدا گەیشتبووە دوو ترلیۆن دۆلار و پشکێکی زۆری ئەو ئاڵوگۆڕە بازرگانییە لەگەڵ وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لەوانە ئێران بووە.

ئێران لە ساڵی 1997 واتە لە سەرەتای هاتنە سەرکاری محەمەد خاتەمی بە بڕی 384 ملیۆن دۆلار کاڵای لە چینەوە هاوردە کردبوو ئەو بڕە لە ساڵی 2005 و کۆتایی خولی دووەمی سەرۆکایەتی کۆماری ناوبراو بە پێی راپۆرتێکی ناوەندی توێژینەوەی پەرلەمانی ئێران بۆ 2.2 ملیار دۆلار هەڵکشابوو. بەڵام گۆڕدان بە ئاڵوگۆڕەکانی نێوان چین و ئێران بە تایبەتی هاوردەکردنی کاڵا لە چینەوە بۆ ئێران لە خولەکانی نۆیەم و دەیەمی سەرۆکایەتی کۆماری ئێرانی واتە لە سەردەمی مەحمود ئەحمەدی نەژاد هاتە ئاراوە. بە پێی وتەی ئەسەدوڵڵا عەسگەر ئەولادی، سەرۆکی ژووری بازرگانی ئێران و چین، قەبارەی ئاڵوگۆڕەکانی نێوان هەردوو وڵات لە ساڵی 2011 دا گەیشتوەتە 45 ملیار دۆلار کە 6.5 ملیار دۆلار لەو بڕە هاوردەکردنی کاڵای ئێران بووە لە چین. مەحمود ئەحمەدی نەژاد لە دووەمین سەردانی خۆی بۆ چین رێکەوتنامەیەکی لەگەڵ بەرپرسانی حکومەتی پەکین واژۆ کرد، کە بە پێی ئەو رێکەوتنامەیە ئاستی ئاڵوگۆڕە بازرگانیەکانی ئەو دوو وڵاتە لە ماوەی 10 ساڵی داهاتودا دەگاتە 200 ملیار دۆلار.

**فشارەکانی ئەمریکا: قازانج و زیانی سزاکان بۆ سەر چین**

بەردەوامبوونی پرۆسەی هەناردەی نەوتی ئێران بۆ چین و هەروەها هاوردەکردنی کاڵای ئێران لە چینەوە، بە درێژایی ئەو ساڵانە بەبێ کێشە و ئاستەنگ نەبووە. دوابەدوای سەپاندنی خولی نوێی سزاکانی ئەمریکا بۆ سەر ئێران لە مانگی شوباتی رابردودا، پرۆسەی هاوردەکردنی نەوت لە ئێران لە لایەن چەندین وڵاتی جیهان و لە هەندێک حاڵەتیشدا چین، دابەزینی بە خۆیەوە بینی، ئەسەدوڵڵا عەسگەر ئەولادی سەرۆکی ژووری بازرگانی ئێران و چین دەڵێت لە ساڵی 2012 دا ئاڵوگۆڕە بازرگانیەکانی نێوان ئێران و چین بۆ 37 ملیار دۆلار دابەزیوە و بەشێک لەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کێشانەی رووبەڕووی سیستەمی بانکی ئێران بووەتەوە.

هەڵبەت توندتر کردنەوەی سزاکانی رۆژئاوای بۆ سەر ئێران لەم ساڵانەی دواییدا چەندین قازانجیشی بۆ چین تێدا بووە و ئەو بابەتە تەنانەت بووەتە بازرگانی کردنێکی گەورە بۆ چین. بە دابەزینی ئاستی دەستڕاگەیشتنی ئێران بە بازاڕەکانی ئەمریکا و ئەوروپا، چین بووەتە یەکێک لە گرنگترین هاوبەشە ئابوریەکانی ئێران و یەکێک لە هەناردەکارە سەرەکیەکانی کاڵا بۆ ئەو وڵاتە. بۆ وێنە ساڵی رابردو چین بە هەناردەکردنی بڕی 7 ملیار دۆلار کاڵا بۆ ئێران، لە دوای ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی دووەم وڵات بووە کە زۆرترین کاڵای بۆ ئەو وڵاتە ناردوە.

لەسەرەتای ئەمساڵیشەوە بە هۆی خولی نوێی سزاکانی ئەمریکا لە دژی ئێران کڕیارانی نەوتی ئێران رێگریان لێکراوە بۆ ئەوەی پارەی ئەو نەوتە بۆ ئێران رەوانە بکەن. سزایەکی لەم چەشنەش دەرفەتی ئەوەی بە چین بەخشیوە وەک گەورەترین وڵاتی کڕیاری نەوتی ئەو وڵاتە بۆ ئەوەی داهاتی فرۆشتنی نەوتی ئێران لە وڵاتەکەی دەستبەسەردا بگرێت و تەنیا بۆ کڕینی کاڵای چینی مۆڵەت بە ئێران بدات تا ئەو پارانەی خۆی لە بانکەکانی چین بەکاربهێنێت. خۆی لە خۆیدا وڵاتانیتری کڕیاری نەوتی ئێرانیش بە هۆی سزاکانی سەر بانکی ناوەندی ئێران لە بەرامبەر کڕینی نەوت لەو وڵاتە لە جیاتی پارە کاڵای بۆ رەوانە دەکات.

**دابەزینی ئاستی سەرمایەگوزاری چین لە ئێران**

چین نەک هەر هەناردەکاری کاڵایە بۆ ئێران بەڵکو بە یەکێک لەو وڵاتانەش دادەنرێت کە بە بڕێکی زۆر لە ئێران سەرمایەگوزاری کردوە لەوانە دەتوانین ئاماژە بە سەرمایەگوزاریەکانی بکەین لە کەرتەکانی نەوت و گاز، هەروەها دروستکردنی بەنداو و چەندین پرۆژەی رێگاوبان لە ئێران، بەڵام لە ساڵانی رابردودا یان بە هۆی هەبوونی هەستێکی نەرێنی ئێرانیەکان بەرامبەر بە سەرمایەگوزاری چینەیەکان و لە لایەکیتریشەوە بە هۆی فشار و سزاکانی ئەمریکاوە ئاستی سەرمایەگوزاریەکانی چین لە کەرتی نەوت و گاز و دروستکردنی بەنداو بۆ نزمترین ئاستی دابەزیوە و کۆمپانیاکانی ئەو وڵاتە لەچەندین پرۆژە و گرێبەست کشاونەوە یان گرێبەستی نوێیان واژۆ نەکردوە.

ئێران لە بەرامبەر ئەمریکا وەک هاوپەیمانێکی نێودەوڵەتی لە چین دەڕوانێت

توندتر بوونەوەی گوشارەکانی رۆژئاوا بۆ سەر ئێران لە دۆسیە ئەتۆمیەکەی ئەو وڵاتە بووەتە هۆی ئەوەی ئێران وەک هاوپەیمانێکی سیاسی لە چین بڕوانێت. چین ئەندامی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتوەکان مافی ڤیتۆی هەیە. لە لایەکیترەوە پەکین و مۆسکۆ وەک دوو زلهێزی نزیک لە ئێران کە هەر دووکیشیان ئەندامی کۆمەڵەی پێنج کۆ یەک (5+1)ن، بە ئەکتەرێکی سەرەکی دادەنرێن لە دۆسیەی ئەتۆمی حکومەتی تاران.

چین وەک یەکێک لەو وڵاتانەی زۆرترین کاریگەری لە سەر دۆسیەی ئەتۆمی ئێران هەیە، لە دژی پەرەپێدانی چەکی ئەتۆمی، بەڵام رێگە چارەکەی بۆ یەکلایی کردنەوەی ئەو دۆسیە دانوسان و رێگای دیپلۆماتیە، هەڵبەت پاڵپشتی سیاسی چین لە ئێران لەسەر بنەمای بەرژەوەندیە نەتەوەییەکانی خۆیەتی.

**سەرچاوە:** سایتی (BBC)ی فارسی